# The Role of Environmental Culture in Environmental Protection A Filed Study in Barzan Region

**Ahmad Maaroof Abdullah**[1], **Tahir Haso mer zebari**[2]
[1] EPU- Mergasor Technical Institute, [2]Salahaddin University-Erbil

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2583.06*

*Published:1/12/2025*

## *Abstract*

*In the modern era, with the emergence of the Industrial Revolution and the advent of hundreds of different machines and vehicles, the consumption of natural resources has accelerated. The environment's capacity for regeneration and recovery has been diminished, and the ecological balance has been disrupted. Consequently, the environment is rapidly becoming polluted. In recent years, the environment has become a global issue, transcending all borders. In addition to natural causes, humans are a primary source of environmental pollution and degradation. This is the rationale for conducting this research. The culturalization of environmental protection within a society has a direct impact on its individuals. In a stable environment, people tend to feel more at peace, and the bonds between them are strengthened. This, in turn, has a positive effect on the environmental components. The significance of this study lies in its attempt to introduce the role of environmentalism through culturalization as a necessity of the current era—an era of societal openness to the world, where such an approach is needed. The objective of our research is to identify the role of the culture of environmental protection in preserving the environment in the Barzan region. It also aims to determine the level of cultural awareness in guiding and adapting individuals to their environment, as well as to identify the environmental problems that this culture addresses. Therefore, the core research problem is to answer the question: How has the culture of environmental protection managed to sustain the preservation of environmental elements in that region? What is the importance of protecting the environment? What is the role of environmental protection within the broader culture of conservation? To what extent have environmental protection laws succeeded in their application? For the selection and identification of the research sample, the residents of the Barzan region were chosen through purposive sampling. This study utilizes a descriptive methodology, relying on a social survey. The research is based on several variables to explain the environment, its risks, and the duties and responsibilities involved in its protection.*

***Keyword**: Environment, Culture, Culture of Environmental Protection, Environmental Awareness.*

# ڕۆڵی کولتووری ژینگەپارێزی لە پاراستنی ژینگە- توێژینەوەکی شیکارییە لە ناوچەی بارزان

احمد معروف عبدالله

پ. طاهر حسو زێباری

**پوختەی توێژینەوە:**

لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و هاتنەئارای سەدان ئامێر و ئوتومبێلی جۆراوجۆر، بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سروشت خێراتر بووە، بواری دووبارە بنیاتنانەوە و پێداچوونەوە لە ژینگە بەرتەنگ بووەتەوە و هاوسەنگی ژینگەیی تێکچووە. هەربۆیە ژینگە بە خێرایی پیس دەبێت، ژینگە لەم چەند ساڵەی دوایشدا بۆتە ڕۆژەڤێکی جیهانی و تەواوی سنوورەکانی تێپەڕاندووە. جگە لە خودی سروشت مرۆڤیش بۆ خۆی سەرچاوەیەکی سەرەکییە لە پیسکردن و تێکدانی ژینگە. هەر ئەمەشە هۆگری ئەنجامدان ئەم توێژینەوەیە.

بەکولتوورکردنی پاراستنی ژینگە لە کۆمەڵگەدا، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر تاکەکان، بە جۆرێک لە ژینگەیەکی ئارامدا زیاتر هەست بە ئارامی دەکەن و هاوبەندی نێوانیان بەهێزترە، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لە سەر پێکهاتە ژینگەییەکان دەبێت، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەوڵی ناساندنی ڕۆڵی ژینگەپارێزی لە ڕێگەی بەکولتوورکردن دەخاتەڕوو، وەک پێویستییەکی سەردەم، کە سەردەمی کرانەوەی کۆمەڵگەیە بە ڕووی جیهاندا، کۆمەڵگەش پێویستی بەم جۆرە نێوەندگیریەیە.

ئامانجی توێژینەوەمان دەستنیشانکردنی ڕۆڵی کولتووری ژینگەپارێزیە لە پاراستنی ژینگە لە ناوچەی بارزان، زانینی توانای ئاستی هۆشیاری کولتووری ژینگەپارێزیە لە ئاراستەکردن و گونجاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ ژینگەکەیان، هەروەها زانینی ئەو گرفتە ژینگەییانەی ئەم کولتوورە کاریان تێدا دەکات. کەواتە، گرفتی توێژینەوەکەمان دۆزینەوەی خودی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە، کە ئایا کولتووری ژینگەپارێزی چۆن توانیوویەتی بەردەوەوامی بە پارستنی توخمەکانی ژینگەبدات لەو ناوچەیەدا؟ ئایا گرنگی پارستنی ژینگە چییە؟ ئایا ڕۆڵی پاراستنی

ژینگە چییە لە کولتووری پارێزی؟ ئایا یاساکانی پاراستنی ژینگە تاچەند تونیوویانە سەرکەوتووبن لە کارەکانیاندا؟ بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی نمونەی توێژینەکە دانیشتوانی ناوچەی بارزن وەک نمونە وەرگیراوە لە ڕێگەی مەبەستدار (قصدی)، ئەم تویژینەوەیە سوودی لە میتودی وەسفی و شیکاری وەرگرتووە بەپشتبەستن بە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە، بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی کولتووری ئەم تویژینەوە پشتی بە چەند گۆڕاوێک بەستووە بۆ ڕوونکردنەوەی ژینگە و مەترسییەکانی سەری و ئەرک و بەرپرسیارییەتی لە پاراستنی ڕوونبکاتەوە.

**کلیلە وشەکان: ژینگە، کولتوور، کولتووری ژینگەپارێزی، هۆشیاری ژینگەیی.**

## ٢ پێشەکی:

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کولتوور و ژینگە وێستگەی بەیەکگەیشتنیان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبیتەوە، کە کولتوور ئاوێتەیەکی تەواوی بیرکردنەوە و لایەنەکانی ژیان مرۆڤایەتی تیایدا ڕەنگی داوەتەوە و بەشێکی دیار و گرنگی پێکهاتەی هەر نەتەوەیەکە، هۆکاری مانەوە و بەزیندو هێشتنەوەی ژینگەش زەمینەی کاری کولتوورە، کە تیایدا بەرجەستە دەبێت، بە تایبەتی کولتووری مەعنەوی، کە ئێمە لەم توێژینەوەدا زیاتر مەبەستمان بوو قسە لە سەر کولتووری (کۆمەڵایەتی، ئایینی ، سیاسی، فۆلکلۆری)کوردی بکەین بە تایبەتی لەو ناوچەیەدا، کە ژینگە دۆستن.

### یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان:

### ١- گرفتی توێژینەوە:

بە هۆی کرانەوەی کۆمەڵگە و هاتنەئارای سەدان ئامێر و ئۆتومبێلی جۆراوجۆر، بەکارهێنانی پێکهاتەکانی سروشت خێراتر بووە، بوارەکانی بنیاتنانەوە و پێداچوونەوە لە ژینگە بەرتەنگ بووەتەوە و هاوسەنگی ژینگەی تێکچووە. هەمیشە لە ژێر کاریگەری هەڕەشەی تێکدان و لەناوچوندایە، ئەو هۆکارانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر بلانسی ژیان هەیە، کەواتە، گرفتی توێژینەوەکەمان دۆزینەوەی خودی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە، کە ئایا

کولتووری ژینگەپارێزی چۆن توانیوویەتی بەردەوامی بە پارستنی توخمەکانی ژینگەبدات لەو ناوچەیەدا؟

**٢- گرنگی توێژینەوە:**

**ئەم توێژینەوەیە وەک هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە دوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، کە دەتوانین بەم شێوەیە بیخەینەڕوو:**

**- لە ڕووی زانستییەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە باس لە کاری ژینگەپارێزی دەکات، ڕۆڵی ئەو یاسایانە دەخاتەڕوو، کە کولتووری ژینگەپارێزی دەیکات لە سەر ژینگە لە بواری کۆمەڵناسیدا، کە نێوەندگیری لە نێوان بەکارهێنان و پاراستنی ژینگە دەکەن. بەکولتوورکردنی پاراستنی ژینگە لە کۆمەڵگەدا، کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر تاک هەیە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ناساندنی ڕۆڵی ژینگەپارێزی لە ڕێگەی بەکولتوورکردن دەخاتەڕوو، وەک پێویستییەکی سەردەم، کە سەردەمی کرانەوەی کۆمەڵگەیە بەڕووی جیهاندا، کۆمەڵگەش پێویستی بەم جۆرە نێوەندگیریەیە.

**- لە ڕووی پراکتیکی:**

گرنگی توێژینەوەکە لە ڕووی پراکتیکییەوە، بریتییە لەوەی ژمارەیەک لە زانستەکان گرنگی بە ژینگە دەدەن و هەریەک لە ڕوانگە و دید و بۆچوونی تایبەتەوە ئاماژەی بۆ دەکەن، بەو پێیەی ژینگە مایەی گرنگی زۆرێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەک دەردەکەوێت توێژینەوەکەمان ڕاستەوخۆ دەچێتە بواری کۆمەڵناسی ژینگەیی، کە یەکێکە لە بوارەکانی کۆمەڵناسی بە تەواوی گرنگی بە ژینگە دەدات.

**٣- ئامانجەکانی توێژینەوە:**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەدات:**

١. زانینی ئەو گرفتە ژینگەییانەی کە ئەم کولتوورە کاریان تێدا دەکات.
٢. زانینی توانای ئاستی هۆشیاری کولتووری ژینگەپارێزی لە ئاراستەکردن و گونجاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ ژینگەکەیان.
٣. زانینی ڕۆڵی کولتووری ژینگەپارێزی لە پاراستنی ژینگە لە ناوچەی بارزان.

**٤- پرسیارەکانی توێژینەوە:**

١. ئایا گرنگی پارستنی ژینگە چییە؟
٢. ئایا لە کولتوورپارێزیدا ڕۆڵی کلتوور چۆنە؟
٣. ئایا یاساکانی کولتووری ژینگەپارێزی بارزان تاچەند گونجاون لەگەڵ گۆڕرانکاریە هەنوکەییەکان؟

## دووەم: دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە:

### ١- هۆشیاری ژینگەیی Environment Awareness:

هۆشیاری بە توخمێکی ئەو کولتووره باوەی ناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، کە وەک ڕێنوێنیەک بۆ ڕەفتاری تاکەکان کاردەکات، بۆیە هۆشیاری بریتییە لە هۆشیاری تاک بۆ خۆی و ئەوەی ڕاستەوخۆ دەوری داوە. ئەوەش ئەنجامی تێکەڵکردنی  چەمکی هۆشیاری و ژینگەییە، بەوەی تاک ڕۆڵی خۆی هەبێت لە ڕووبەڕووبونەوەی گرفتە ژینگەییەکان و تێڕوانینێکە لە سەر بنەمای زانینی پەیوەندییەکانی پەیوەست بە گرفتەکانەوە ئامانج لەم کارە ئەوەیە هاووڵاتی سادە ئاگاداری ژینگە و ڕادەی کاریگەرییان لە سەر یەکترەوە هەبێت، لێرەوە هۆشیاریی ژینگەیی بریتییە لە پرۆسەی پەرەپێدانی هۆشیاری تاکەکان لە پرسە ژینگەییەکان بە ئامانجی گۆڕینی تاکەکان لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە ڕەفتارە لادانەکانی بەرامبەر بە ژینگە و بەکرداری وەڵامی بەهاو ستانداردە کۆمەڵایەتی و کلتوورییە ژینگەییەکان دەدەنەوە(عبداللطيف،٢٠٠٧:١٠٠).

چەمکێکی تەواو گرێدراوە بە کولتووری پەروەردەی ژینگەیی بە واتایەکی تر لە ئەنجامی ئەوەدا تاک هۆشیاری ژینگەیی بۆ دروست دەبێت.

هۆشیاری ژینگەیی لە ئەنجامی یەکخستنی چەمکەکانی هۆشیاری و ژینگەیە، ولیام ئیلتلسۆن (William Iltelson) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "ئاگاداری تاک لە ڕۆڵی خۆی لە ڕووبەڕووبونەوەی ژینگەدا"(موسى،٢٠٠٧:٣٠٢).

ئیقبال ئەمیریش پێی وایە، " ئاگایی تاک لە پەیوەندی و گرفە ژینگەییەکانی دەوروبەری و تێگەیشتن لە هۆکارەکانیان و کاریگەرییەکانیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵیاندا، کاریگەری لە سەر هەموو ئەو زانست و هەستانە دەبێت، کە دەوری تاکە کەسەکەی داوە، جا چ ئەرێنی یان نەرێنی بن(موسى،٢٠٠٧:٣٠٢).

هەروەها لە کۆنفرانسی تبلیس هۆشیاری ژینگەییان بەم شێوە پێناسە کردوە "یارمەتیدەری گرووپ و تاکەکانی کۆمەڵگەیە بۆ بەدەستهێنان و تێگەیشتن لە هۆشیاری ژینگەیی و گرفت پەیوەندیدارەکان و دۆزینەوەی هۆشیاری تایبەتی بەرامبەری"(صالح،٢٠٠٣:٩١).

ئەوە ئەو هەستە گەشەسەندوەیە، بە زانین و تێگەیشتن و دەست وەردانێکی مەبەستدار لە هەموو ئەو شتانەی لە ژینگە کە مرۆڤیان دەورە داوە، بەبێ گوێ دانە جۆر یان پێکهاتە جیاوازەکان، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی زۆرێک لە دامەزراوەکانەوە دێت، کە بەرپرسیارن لە ئاراستەکردن و هۆشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی تاکەکان، پرۆسەیەکی عەقلیە تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پراکتیزەی دەکەن، کە لایەنەکان لە لایەنی کەسی و کۆمەڵایەییەوە کارلێکدەکەن، بە ئامانجی کارکردنێکی ئەرێنی.

لە ئەنجامی ئەو پیناسانەی خستمانەڕوو، دەگەین بەو پێناسەیەی لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەمان دەگونجێت، کە هۆشیاری ژینگەیی بریتییە لە زانین و تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی کردەوەکانی مرۆڤ لە سەر ژینگە و سروشت، هەروەها گرنگی دانان بە پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو.

### ٢- کولتووری ژینگەیی Environmental Culture

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەفتار بەرامبەر ژینگە و دەروبەری ئەنجام دەدات، ئەو ڕەفتارانەی ئەرێنی بن یاخود نەرێنی، یەکێک لە ئەرکەکانی مرۆڤ پارستنی ژینگە و گرنگیدانە بەو پرس و گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەمە پاڵنەرێکە، بۆئەوەی کارلێکی ئەرێنی هەبێت لە بەرامبەر هەموو بوارێکدا.

هۆشیاری و هەستی مرۆڤ بۆ ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی ژینگە دەبێتەوە پاڵنەرن بۆ بەدەستهێنانی بەها و پرەنسیپ و لێهاتوویی بەرەو پارستنی لە تێکچون، لێرەدا تاک کولتوورێکی ژینگەیی پێکدەهێنێت، کە بە بناغەی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ پاراستنی ژینگەی تاک و بەدەستهێنانی هۆشیاری و ڕەفتاری ئەرێنی بەرامبەر بە مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە بۆ نەوەکانی داهاتوو. پێناسەی کولتووری ژینگەیی "دەربڕین لە بەدەستهێنانی پێکهاتە مەعریفییەکانی تاکە و هەڵچوون و ڕەفتارەکانە لە ئەنجامی کارکردنی بەردەوامیەتی لەگەڵ ژینگەدا، کە لە داڕشتنی ڕەفتاری چاکە بەشدارن، وا لە تاک دەکات بتوانێت کارێکی دروست لەگەڵ ژینگەکەیدا بکات، تا بتوانێت ئەم ڕەفتارانە بۆ کەسانی تر بگوازێتەوە" (برعی،٢٠٠٦:٥٧٧).

کولتووری ژینگە وەک چەمکێکی ئاڵۆز هاتووەتەئاراوە، ئاماژە بە تاک و گرووپەکان دەدات لە مامەڵەکارکردنیان لەگەڵ گرفتە ژینگەییەکان هەرچەندە ئەم چەمکە لەگەڵ سەرهەڵدانی گرفت ژینگەییەکان هاتەئاراوە، بەڵام زۆرێک لە زاراوەی جیاواز، وەک پەروەردەی ژینگەیی، هۆشیاری ژینگەیی بەهاکانی ژینگەیی، ئاماژەیان پێکردووە. هەندێکیان بە بەشێکی نافەرمی پەروەردەی ژینگەیان زانیوە، بەڵام دەبینین چەمکی کولتووری ژینگەیی زۆربەی زاراوەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت، لە سەر ئەم بنەمایە کولتووری ژینگەپارێزی بەواتا فراوانەکەی ڕەوتێکە، بیرکردنەوە، فەلسەفە، کە ئامانجی پڕچەککردنی مرۆڤە بە کردەوە ژینگەییەکان، ڕەفتارەکانی دیاریدەکات، کاتێک لە یەکێک لە بوارەکاندا مامەڵە لەگەڵ ژینگەدا دەکات(الحمد وصباريني،١٩٧٩:١٩٤).

لە ئەنجامی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو، دەگەین بەو پێناسەی، کە کولتووری ژینگەیی لە چوارچێوەی تویژینەوەکەماندا بریتییە لە کۆمەڵێک چەمک و کردارە، ئامانجیان بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و هاندانی ئەو ڕەفتارانەیە، کە یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان. ئەم کەلتوورە دەتوانرێت تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە و نرخاندنی گرنگی جۆراوجۆری و ناسینەوەی ئاستەنگەکانی ژینگەیی، وەک گۆڕانی کەشوهەوا، پیسبوونی هەوا و ئاو... هتد لەخۆبگرێت.


**سێیەم: کولتووری ژینگەپارێزی لە پاراستنی ژینگە لە ناوچەی بارزان:**

**١- جوگرافیا و مێژووی بارزان:**

دەڤەری بارزان ئەو سنورەیە کە پێی دەگوترێت سنوری قەزای مێرگەسۆر، سەر بە پارێزگای هەولێرە، ڕووبەرەکەی لە (١١٠٠)کم٢ یە. بەشێک لە خاکەکەی دەکەوێتە سنوری ڕامیاری(نێودەوڵەتی) باکوری کوردستان و پێی دەگوترێت تورکیا. قەزای مێرگەسۆر پێنج ناحیە لەخۆدەگرێت، ئەمانەن ( بارزان، گۆڕەتوو، پیران، شێروان، مەزنێ)، دەکەوێتە باکوری پایتەختی هەرێمی کوردستان. لە ڕۆژهەڵات هاوسنورە لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، لە باشوری ڕۆژئاوا هاوسنورە لەگەڵ قەزای ئاکرێ، لە ڕۆژئاواش هاوسنورە لەگەڵ قەزای ئامێدی، لە باکوریش هاوسنورە بە سنورێکی ڕامیاری(نێودەوڵەتی) لەگەڵ کوردستانی باکور. دەڤەری بارزان لە (٢٦١) گوند پێکهاتووە، (٧٩) گوندیان تا ئێستا چۆڵن، واتا، ئاوەدان نەکراونەتەوە لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز، گوندەکانی کۆن و دێرینن (ملاسوار و بلەیی،٢٠٢٠:٧).

لە ڕووی سروشتی ناوچەکەوە، سروشتێکی ڕەنگین و جوان و دڵڕفێنە بە هۆی ئەوەی هەردوو ڕوباری زێی گەورە و ڕوباری ڕووکوچکی پێدا تێپەڕ دەبێت. چەند چیا و شاخی بڵندی تێدا هەڵکەوتووە، وەک (چیای شیرین، کۆڕێ هۆرێ، سەرێ مووسەکا، چیای بۆتین، چیای پیران، چیای قەلەندەر و چیای برادۆست) لە دامێنی ئەو چیا و کێوانە، گەلێک هاوینە هەوار و سەیرانگە و شوێنی گەشتیاری دیمەنی جوانیان بەخشیوەتە ئەو دەڤەرە. چەند ئەشکەوتێکی وەک (ئەشکەوتی شانەدەر، ئەشکەوتی زرارە و ئەشکەوتی خەلەڤری) کە پاشماوەی مرۆڤی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە، ئەمەش نیشانەیە بۆئەوەی شوێنی نیشتەجێی مرۆڤی کۆن بووە( ئیروانی،٢٠١٣:٢٠).

هەڵکەوتەی سروشتی بارزان دەکەوێتە نێوان زێی بادینان (زێی گەورە)، ئەم ناوچەیە ناوەکەی لە (زێ) وەرگرتووە،کە لە ناو خاکی تورکیا هەڵدەقوڵێ و لە ڕۆژئاواو باشورەوە دەوری ناوچەکەی داوە(غولامی،٢٠٠٤:٣٥)، ڕوباری ڕواندوزیش لە ڕۆژهەڵاتی و ڕوباری ڕوکوچکیش لە باکوری ڕۆژئاوایەوە، ناوچەکە دەبڕێت. جگە لەمانە چەند چەمێکی بچکۆڵە و ژمارەیەکی زۆر کانیاو لە ناوچەکەدا هەیە، ئاو و هەوای ناوچەکە لە زستاندا تاچەند پلەیەکی ژێر سفر سارد دەبێت، لە هاوینیشدا بەگشتی گەرمە، بە واتایەکی تر، بارزانیەکان دەکەونە نیوان خێلی سورچی لە ڕۆژهەڵات و خێلی برادۆست لە باکوری ڕۆژهەڵات، خێلەکانی ناوچەی ئاکرێ لە خوارو خێلی زێباری لە ڕۆژئاواوە(شێروانی،١٩٩٥:٢٨).




نەخشەی ژمارە (١) بەرزونزمی ڕووندەکاتەوە:

بەگشتی بەرز و نزم( تبۆگرافیا)ی دەڤەری بارزان لە نێوان بەرز(٥٠٠)مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا لە بەشەکانی باشوری شارەدێی(بلێ) لە ناحیەی بارزان بەرز دەبێتەوە بۆ بەرزترین شوێنی قەزاکە، لە لوتکەی چیای (چوارچەڵ) لە ناحیەی شێروان مەزن. لە نێوان ئەم دوو بەرزایەش چەندین بەرزی لوتکەی چیا بەدیاردەکەون، وەک لوتکەی نەواخن و گەرووی غەریبۆک لە چیای برادۆست، هۆرێ لە چیای شیرین. لە نێوان ئەم زنجیرە چیانەش دۆڵی درێژ و قووڵی تەسک هەیە، کە نزیکەی (١٠٠)م لە ئاستی چیاکان نزمترن، وەک (دۆڵی پیرەحەمە، زێتێ، کانی بۆت، هیپە، ئەرگۆش و باشیان)( محمودموسا،٢٠٢٠: ٢٥). لەو ناوچەیە و ئاقارەکەیدا، داروبار و گیا بە شێوەیەکی سروشتی و بەرفراوان دێتەبەرچاو، خەسڵەتی داروبار بەشێوەیەکە بتوانێت لە بەرامبەر پلەی گەرمی وشکانیدا بەرگەبگرێت، لە کوردستاندا کە (٦٥٪) داری دارستانەکانی سەر بە خێزانی داربەڕووە، کە ڕێژەیەکی زۆری لە بارزاندا هەیە. هەروەها

نزیکەی (٧٠٪) جۆری داروبارەکانی دێمییە، لە جۆرەکانی بەردار و بێبەر، ئەمە جگە لە گژو گیا وەکو گیای ڕەنگ و کاری پزیشکی و بۆن و خواردن بەکاردەهێنرێت(شێروانی،٢٠٠٨:١٢).

هەروەها دۆڵی بیاو، کە زێیی گەورەی بەناودا تێپەر دەبێت، بەگشتی ناوچەکە بە ڕووەکی سرشتی و دارستانی چڕ و دار و درەختی دۆڵ و کەنار چەمەکان و ڕوبارەکان دەوڵەمەندە، هەبوونی ئەو تایبەتمەندیانەی لە پێکهاتەی ناوچەکە وایکردووە شوێنێکی لەبار بێت بۆ ژیانی هاوبەشی زیندەوەران، تا بتوانن درێژە بە سووڕی ژیانیان بدەن.

**٢- ڕەهەندی مێژووی ناوچەی بارزان:**

سەبارەت بە ناوچەی بارزان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ئەگەرچی ناوچەکە لە ڕووی کارگێریەوە بە قەزای مێرگەسۆر ناودەبرێت، بەڵام بە دەڤەری بارزان دەناسرێت. لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە، لە ساڵی (١٨٩٠) ویلایەتی موسل لە (٣) سنجەقی ئیداری پێکهاتبوو، یەکێک لە سنجەقەکان لە قەزاکانی (ئاکرێ، دهۆک، سنجار، زێبار)پێکهاتبوو، قەزای زێبار بە لێکدانی هەردوو ناحیەی ( زێبار و شێروان) لە ساڵی (١٨٧٨) دامەزراوە بەردەوام بووە، تا ساڵی (١٩٠٧). هەر لەوکاتەوە قەزای زێبار بۆتە ناحیەیەک و سەر بە قەزای ئاکرێ و ناحیەی شێروان (مزوری باڵا) کەوتۆتە سەر قەزای ڕواندز، ناوەندی قەزای زێبار لە گوندی (بیرەکەپرا) بوو، کە ئەوکات (٧٠ تا ٨٠) خێزان بوون(ملاسوار و بلەیی،٢٠٢٠:١٣).

لە ساڵی (١٩٠٧) قەزای زێبار بووە بە ناحیە و کەوتەوە سەر قەزای ئاکرێ، ناحیەی شێروانیشیان خستە سەر قەزای ڕواندوز. لە ساڵی (١٩١٢) دووبارە ناحیەی زێبار بووەوە بە قەزا، تاوەکو تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٩)، کاتێک حاکمی موسڵ (کولونیل بیل) لەگەڵ (کاپتن سکوت) حاکمی ئاکرێ گەشتێکیان بۆ ناوچەکانی سورچی و زێباری و بارزان کرد، کۆلۆنێل بیل دەستی بە هەرەشەکردن و وەرگرتنی باج و سەرانەیەکی زۆری خستە سەر سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە، هەر لەکاتی گەڕانەوەی سەرۆک هۆزی زێباری و سورچیەکان کەمینەیەکیان بۆ (کۆلۆنێل بیل) و (کاپتن سکوت) دانا لە گوندی (بیرەکەپرا)وە، داوایان لە شێخ ئەحمەدی بارزان کرد، کە هاوکار و بەشدار بێت لەو پلانە و شێخی بارزانیش پەسندیکرد، لە ڕۆژی ( ١٩١٩/١١/٤) پلانەکە جێبەجێکرا، هەردووکیان کوشتن، ئەوە هۆکاربوو بۆ نەهێشتن و هەڵگرتنی قەزای زێبار، تا کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) دووبارە حکومەت دام و دەزگای حکومی هێنایەوە بۆ ناوچەکە و قەزای زێبار دووبارە دامەزرایەوە و بارەگای قەزاکە لە (بلێ) بوو، حکومەتی عێراق لە ڕۆژی (١٩٣٢/١/١٢) بە مەبەستی لەناوبردنی بارزانییەکان، بریاریدا

ئیدارەیەکی ڕێک و پێک لە ناوچەی بارزان دابنرێت، لە هەریەکە لە شێروان و بەرۆژ(بارزان)و مزوری باڵا بکرێن بە ناحیە و دوو بنکەی پۆلیسیشیان بۆ دابنرێت(بارزانی،٢٠٠٤ :٢٦-٣٠).

لە پاش سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٤٧دا گۆڕانکاری لە پێکهاتەی قەزای زێبار کرا، لە دوو ناحیەی بارزان و مزوری باڵا کە (بلێ) ناوەندی قەزابووە، ناحیەی مێرگەسۆر زیادکرا، دواتر لە ساڵی (١٩٥٦) قەزای زێبار گواستراوە بۆ مێرگەسۆر(ملاسوارو بلەیی،١٩:٢٠٢٠).

بارزان لە سەرەتادا تەنها گوندێک بوە، لوە ڕابردوودا دەستەواژەی بارزانییەکان بۆ دانیشتوانی گوندی بارزان بەکارهاتووە، هەر کەسێکی لەو گوندە دەژیا، ناوی ئەو گوندەی بۆ دەگەڕایەوە، کاتێک دەمانەوێت پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی بارزان بناسین لە پێش دامەزراندنی تەکیەی بارزان، ئەوان **بەم شێوەیە بوون:**

١- بەرەبابی دیادینی (ضیاء الدین) ئەمانە لە دێرینترین بەرەبابی بارزانن.

٢- بەرەبابی ئەحمەدی (توخمی ئەحمەدی) ئەوانیش لە ڕوو خزمایەتی و ڕەچەڵەکەوە بۆ ئاغاوات دەگەڕێنەوە.

٣- بەرەبابی دالانی (توخمی دالانیا) لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی دالانن،کە دەکەوتە کەناری زێی گەورە، لە لای بارزانییەکان بە (ڕوباری دلا) ناسراوە و دەکەوێتە باشووری بارزان بە دووری (٦٩) کم.

٤- بنەماڵەی ناسراو بە (ماڵە مەلا) بنەماڵەیەکی کۆنە و پەیوەندی بە شێخەکانی بارزانەوە هەیە. ئەم ڕانانەی کە باسکران هەمویان موسلمانن، جگە لە موسلمانان جولەکە و مەسیحیش هەبوون، کە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم گوندەبوون، کە زۆرینەی گوندیان پێکدەهێنا، ئەوانیش توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەبوون، کە پیشەوەر بوون.(مەلا ایوب،١٤:٢٠٢٤).

کاتێک شێخەکانی بارزان لەوێ جێگیربوونە، بووە بە مەڵبەندی تەکیەی تەریقەت. ئەم تەکیایە لە لایەن شێخەکانی بارزان بەڕێوەبراوە. لە نێوان ساڵانی (١٨٢٠-١٨٢٥ز) تەکیایی بارزان لە سەر دەستی شێخ عبدالرحمان، بوو بە پەیرەوی تەریقەتی نەقشەبەندی، لە دوای ئەو شێخ عبدالسلامی یەکەم (١٨٧٢) لە سەر تەریقەت بەردەوام بووە( مەلا ایوب،٢٠:٢٠٠٧). شێخ عبدولسلامی یەکەم لە کۆتای قەسیدەکەی خۆیدا، **بەم شێوە خۆی ناساندوە:**

خالدی مە ب تەریقەت

زیباریمە ب عەشیرەت

بارزانیمە ب مەسکەن و قەرییەت

واتا، هەتا سەردەمی شێخ عبدالسلامی یەکەم بارزان، تەها ناوی گوندێک بووە(عبدالله،٢٠٠٢). لە سەردەمی شێخایەتی شێخ عبدلسلام بارزانیدا، کۆمەڵێک چاکسازی و گۆڕانی بنەڕەتی لە ناوچەی بارزان و لە ناو بارزانیانییەکاندا پێکهات، ئەگەر بەر لە شێخ عبدلسلام هاوبیری شێخانی بارزان نەبوون، لەوکاتە بە دواوە بە تێکڕا پشتگیریی و دڵسۆزی خۆیان بۆ شێخ دەربڕی و هۆزەکانی (شێروانی، بەرۆژی، نزاری، مزوری، گەردی، هەرکی بنەجی ملیان بۆ پێشەوایەتی شێخ عبدلسلام دانەواند و لەو کاتەوە ناوی بارزانی، هەموو ئەو هۆزانەشی گرتەوە(گوهەری،٢٠١٤:١٥).

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، بۆ بارزانییەکان ناونیشانی "بارزانی "بوون لە ناوی سادەی گوندێک زیاترە، بەڵکو ئەم ناوهێنانە شێوازێکە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە کولتووری ئەوان لە سەر بنچینەی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام ڕابەرایەتی شێخانی بارزان دامەزرابوو. چاکسازییەکانی شێخانی بارزان لە سەر بنەماکانی دادپەروەری و برایەتی و هۆکاری بەدیهێنانی هاوکاری و یەکڕیزی بووە لە نێوان ئەندامانی هەر حەوت عەشیرەت، بە ڕادەیەک ئەنجامەکەی بنیاتنانی کۆمەڵگایەک بووە بە ناونیشانی "میللەتی بارزان"(ابراهیم،٢٠٢١:١٤). **چاکسازییەکانی شێخ عبدلسلام بریتی بوون لە:**

- تێکدانی ڕێوڕەسمی ئاغایەتی و دابەشکردنی زەوی بە سەر جوتیاراندا.
- نەهێشتنی مارەیی و بەشودانی زۆرەملێ.
- دروستکردنی مزگەوت بۆ هەموو گوندەکان بۆ نوێژکردن، شوێنی کۆبوونەوە، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و پرسە کۆمەڵایەتیەکانی گوند.
- دانانی لێژنەی ئەنجوومەنی گوند بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گوند.
- ڕێکخستنی گروپی چەکدار لە هۆزەکان و دیاریکردنی لێپرسراو بۆیان(گەوهەری،٢٠١٤:١٦).
- قەدەغەکردنی کوشتنی ئاژەڵی کێوی و بڕینی داری تەڕ و پاراستنی ژینگەی ناوچەکەیان.
- سودوەرگرتن لە داهاتە سروشتییەکانی ناوچەکەیان، بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموان(عبدوللا،٢٠١٠:٣٥).

خێڵی بارزان وەک گشت خێڵەکانی تر، دەرەبەگایەتی نەبوون، بەڵکو لە بارودۆخێکی تایبەتیدا یەکیان گرتووە و پێکهاتوون، ئەو تیرانەی ئەورۆ بە بارزانی ناسراون، بەشێک بوون لە

کۆنفیدراسیۆنی (یەکێتی) خێڵەکی گەورەتر، کە بە زێباری ناسراون(شێروانی،١١:١٩٩٥). پێکهاتەی بنیاتی کۆمەڵگەی بارزانییان، کۆنفیدراسیۆنێکە بە ناونیشانی ( بارزانی)، کە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، واتا، گردبوونەوەیەکی بەینی حەوت عەشیرەتە، کە بریتین لە: بەرۆژی، نزاری، گەردی ، هەرکی بنەجەیی، شێروانی دۆڵەمەری و مزووری. ئەم عەشیرەتانە زۆرجار هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی لە نێوانیان نەبووە، لە سەر بنەمای بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام لە دەوری شێخانی بارزان کۆبوونەتەوە، کە ئەمانیش بایەخیان بە مەسەلەی دادپەروەری و برایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری داوە، ئەم کۆنفدراسیۆنە عەشیرەتییە خاوەنی دەڤەرێکە بە ناوی بارزان (ابراهیم،٣٢:٢٠٢١).




**نەخشەی ژمارە (٢) سنوری جوگرافیای حەوت عەشیرەتەکەی پێکهاتەی بارزان ڕووندەکاتەوە**

### ٣ – کولتووری ژینگەپارێزی لە بارزان:

کولتوور چەمکێکی ئاڵۆزە، لە بیروباوەڕ پێکهاتووە، زانیاری، هونەر ئەخلاق، داب و نەرێت و هەرجۆرە تونایەکی تر، کە لە رێگەی مرۆڤەوە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی کولتوور دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە تەنها پەیوەستە بە مرۆڤەوە، کولتووری ژینگەیش چەمکێکی ئاڵۆزە بۆ تاک و گروپەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتە ژینگەییەکان.

ئەو سەرچاوانەی لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بارزان توێژینەوەیان کردوە، زۆربەیان ئەگەر بە کورتیش بێت، ئاماژەیان بە بنەمای ژینگەپارێزی داوە لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەم بزووتنەوەیەدا. هەرچەندە توێژینەوەیەکی تایبەت بە تێروتەسەل لە بارەی هزرو ڕەهەندەکان و سیستەمی ژینگەپارێزی بارزانییەکان لەبەردەستدا نییە، لەبەرئەوەی داب و نەریتەکانیان یاسایی نەنوسراون، بەڵام زۆربەیان وەکو خاڵێک لە چاکسازییەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بارزان لەم سەردەمەدا ئاماژەیان پێدراوە. کولتووری ژینگەپارێزی بارزانییەکان فرە ڕەهەندە، وەک ڕەهەندی ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، فەلسەفی و زانستی... هتد، کە چەمکی هاوسەنگی یەکێکە لە بنەما زانستییەکان (عارف،٢٠٢٤:١٧٧).

بۆیە توێژینەوەیەکی کورتی وەک ئەم توێژینەوەیە، ناتوانێت گوزارشت لە تێکڕای ڕەهەندەکانی ئەم کولتوورە بکات، بۆیە دەکرێت بەگوێرەی قەبارەی ئەم توێژینەوەیە تیشکی بخەینەسەر .

ڕێزگرتن لە سروشت، بەهایەکی ئەخلاقییە، ریشەکەی بۆ کولتووری کۆنی کورد پێش هاتنی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، لە ژێر کاریگەریی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی شێخانی بارزان، ئەم بەها ئەخلاقییە بۆتە بەشێک لە داب و نەریتی بارزانییەکان. نەریتی ڕیزگرتن لە سروشت پرەنسیپێکی ژیانی بارزانییەکان بووە و بنچینەکەی بۆ بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە لە ڕوانگەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت، بە کاریگەری دوو لایەنی: ڕەوشت و دادپەروەریی ئابووری. چاکسازییەکانی شێخانی بارزان لە بواری ڕێزگرتن لە سروشت لە ڕووی سروشتی چاکسازییەکانەوە دوو قۆناغی هەبووە. قۆناغی یەکەم کە لە سەردەمی شێخ محەمەد بارزانی و شێخ عبدولسەلامی دووەم بووە، ڕێساکان زیاتر سروشتی ڕێنماییان هەبووە، وەک جۆرێک لە ئامۆژگاری و ڕێپیشاندان و ئاڕاستەکردن بە ئاقاری ڕاست و دروستدا. قۆناغی دووەم لە سەردەمی شێخ ئەحمەد بارزانی بووە، لە شێوەی فەرمان بوون، لە هەمانکاتدا سزای سەرپێچیکارانیش دیاریکرابوو. ئەم فەرمانانە بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری ژینگە بووە، بە

تایبەت لە بارەی ڕاگرتنی بالانسی ژیانی ئاژەڵی کێوی و ڕووەکە خۆڕسکەکان بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ سوودوەرگرتن لە بەروبوومی سروشت.

کولتوور لە ژیانی بارزانییان لە سەردەمی شێخ ئەحمەد بارزانی زیاتر جێگیربوونی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش ڕێگەی ئەوەمان بۆ خۆش دەکات، لە بارۆدوخی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە تێبگەین، کە ڕێزی لە داب و نەریت گرتووە. ئێمە باس لە کاریگەریی داب و نەریت دەکەین لە بوارەکانی گوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، پاراستنی سروشت و ڕۆڵی داب و نەریت لە چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان خەڵکی گوندەکاندا.( ابراهیم،٢٠٢١:٦٠).

لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، پاراستنی سروشتی خۆڕسک بەشێک بووە لە چاکسازییەکانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە تایبەتی پاراستنی ئاو و درەختی مێوەداری گرتۆتەوە، هەروەها هاندان بە چاندن و چاودێریی درەختی بەرداری خورسکییەکان(عارف،٢٠٢٣:٥٢). لە سەردەمی شێخ ئەحمەد بارزانی، پەیوەندیی بارزانییەکان لەگەڵ سروشت و ڕەوشتی ڕێزگرتن لە سروشت تا ئەو ڕادەیە گەشەی سەندووە، کە لەوە بەدواوە گیانەوەرەکانیش پارێزراو بوون. هەروەها ڕێزگرتن لە سروشت بووە بەشێک لە داب و نەریتی بارزانییەکان و تەکیەی بارزان مافی ئەوەی هەبووە سزای ئەو کەسانە بدات، کە ڕێزیان لە ڕێساکانی پاراستنی سروشت نەدەگرت. شێخ ئەحمەد بارزانی هێز یان چەکداری بەکارنەدەهێنا بۆ چارەسەری کێشەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی شێخی بارزان کەسێکی پایەبەرز بوو، بۆیە هەست و سۆزێکی گوێڕایەڵی بەرانبەر بە شێخی بارزان هەبووە و هیچ کەسێک بەرهەڵستی ئەوی نەدەکرد، هۆکاری سەرەکی ڕەوایەتی دەسەڵاتی شێخ ئەحمەد بارزانی بۆ ئایین دەگەڕایەوە، هەر بۆیە ڕێگەی پێدەدا، کە بارزانییەکان ڕێز لە بڕیارەکانی بگرن. پێویستە بگوترێت، لە ژیانی عەشیرەتیدا ئەوەی پێویستە هەبوونی سەرکردەیەکی لێهاتووە، بە واتای ڕوونتر، سەرکردەیەکی بێ کاریزما ناتوانێت دەسەڵات لە ناو دەستی خۆی بهێڵێتەوە و لەوەش دڵنیاین، کە هێز یان پەیوەندیی گوێڕایەڵی یان سەردانەواندن هەر تەنیا تاکە بازنەی ڕووەکانی دەسەڵاتی سەرکردەیەک نەبووە(ابراهیم،٢٠٢١:٢١٢).

کولتووری ژینگەپارێزی لە سەردەمی "شێخ عبدالسلام" دا زیاتر لە ڕێنمایی دەچوو، بەڵام لە سەردەمی "شێخ ئەحمەد بارزانی" زیاتر چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و پاراستنی ژینگە لە سەردەمی "شێخ ئەحمەد بارزانی" لە چەند بڕیارێکی تایبەت بە ژینگە خوی دەنوینێت، لەوانە: (ئیروانی،٢٠٠٣:٤٤).

١- هیچ کەسێک بۆی نییە ئاژەڵی کێوی بکوژێت، هەر کەسێک ئەم ڕەفتارە بنوێنێت بە مرۆڤێکی خراپ، کە کار و فەرمان شکێن و بێباوەڕ دەژمێردرێت، بە شێوەیەکی مەعنەوی سزادەدرێت.

٢- نابێت هیچ کەس ماسی بە ئالەتی کۆکوژی وەک قومبەلە، ئالەتی کارەبای، دەرمان ڕاوبکات. هەروەها ڕاوە ماسی لە کاتی زاوزێ و باڵندە لە سەر کانیاو و ئاوەکان، قەدەغە بووە.

٣- بۆ هیچ کەسێک نییە بە چەکی ئاگر باڵندە بکوژێت، بە تایبەتی(کەو و ئاژەڵی کێوی).

٤- نابێت هیچ کەسێک هەنگ (مێشی هەنگ) ببڕێتەوە یان لە ناوببات، تەنها بۆی هەیە خۆماڵی بکات یان بەخێوی بکات.

٥- هیچ کەسی بۆی نییە داری بەرهەمهێنەر وەک (مازی، گێوژ، هەرمێی شاخ، گوێز، قەزوان، گرک، داری بی، چنار و بەڕوو... هتد) ببڕێت و سەرپێچیکاریش سزای ماددی و مەعنەوی دەدرێت.

٦- کەس بۆی نییە داری بێبەرهەم ببڕێت بە مەبەستی سوتاندن، تەنیا داری وشک نەبێت کە لە کەڵک کەوتبێت.

٧- هیچ کەس بۆی نییە بە مەبەستی ڕەژوو(خەڵوز) دار بسوتینێت(عبدوللا،٢٠٠٩:٩٣). هەندێکی تر لە دارەکان لەگەڵ ئەوەی گەڵاکانیان بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات زۆر پێویست بووە، لە یاساکەدا ئەم پرسە بە شێوەیەک ڕێکخراوە کە زیان بە خودی دارەکە نەگەیەنێت و تەنیا لق و پۆپەکان ببڕدرێنەوە، تاوەکو ژمارەیان کەم نەبێتەوە و لە ناو نەچن. سەرەڕای ئەوەش ، لە زستانە سەختەکانی دەڤەری بارزان، لەو سەردەمانەدا گەرچی دار تەنیا کەرەستە و سەرچاوەی گەرمکردنەوەی ماڵ و خواردن دروستکردن بووە، بەڵام تەنیا ڕێگای بەکارهێنان بەوە دراوە، خەڵک لە دارە وشک بووەکان کەڵک وەربگرن و نەدەبوو بە هیچ جۆرێک دارێکی زیندوو (تەر) ببڕدرێتەوە(شێرۆکی،٢٠١٨:٢٥٢).

بیرکردنەوە و پارێزگاریکردن لە سروشت بەشێک بووە لە بزووتنەوەی عیرفانی شێخەکانی بارزان، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم بنیاتنراوە، لە چوارچێوەی چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا، کە بنەماکانی بریتی بوون لە خۆناسین و خوداناسی. یەکێک لە کارەکانی شێخەکانی بارزان بریتی بووە لە پەروەردەکردنی خەڵک لە سەر بەهای ڕێزگرتن لە ژیانی مرۆڤ و سروشت و جێگیرکردنی ڕەوشتی خۆشویستن و میهرەبان بوون لەگەڵ مرۆڤ و سروشت. لە ئەنجامدا، بەهای ڕەوشتی ناسین و پارێزگاریکردن لە سروشت کە ئامانجەکەی خوداناسی بووە. ئەمەش یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەم چاکسازییە کۆمەڵایەتییە، بە شێوەی کردەیی و ڕێکخراوەیی بوو بە بەشێک لە ژیانی بارزانییەکان(عارف،٢٠٢٣:٩١). ئەوەش بۆتە کولتوورێکی جێگیر و بەرچاو، کە

ئێستا بە ڕوونی دیارە لە جوانی ژینگەی سروشتی ناوچەکە لە ڕەفتار و کرداری تاکی ناوچەی بارزان، لە بەرامبەر ژینگەی سروشتی خۆی دەیبینێت.

**٤- ڕۆڵی ئەرکە کولتوورییەکان لە پاراستنی ژینگەی بارزان:**

سیستەمی پارێزگاریکردن و بەڕێوەبردنی پاراستنە ژینگەییەکان لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش بە هۆی جیاوازی جۆر و پلەی توندی سیستەمی پارێزگاریکردنە، بەڵام ئەمەشمان لەیاد نەچێت، کاتێک ناوچەیەک دەستنیشاندەکرێت بۆ پاراستن، هەرچەند جۆر و پلەی سیستەمی پارێزگاریکردنیان جیاواز بێت، چەند ئەرکێکی هاوشێوەیان هەیە، بەگشتی هەمویان دەگەڕێنەوە بۆ یەک ئامانج، ئەویش پاراستنی ژینگەیە.

هەندێک توێژینەوە دەستپێکی نەریتی ئەم ژینگە پارێزیە دەگەڕێننەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ، کە لە سەردەمی ڕابەرایەتی شێخ محمدی بارزانی، لە پاراستنی داروباری بەرداری خۆڕسک دەستیپێکردووە. هەروەها هەر لەو سەردەمەدا لە کاتی زاوزێدا بزنی کێوی پارێزراوە(ابراهیم،٢٠٢١:٢٨٦). بە شێوەیەکی گشتی سەرهەڵدانی هزری ژینگەپارێزی لە بارزان بە چەند قۆناغێکی مێژووییدا تێدەپەڕێت، سەرەتای ئەم بیرۆکەیە بەرهەمی وەرچەرخانی تێڕوانینی تەکیەی بارزانە، کە لە سەردەمی شێخ عبدلسلامی یەکەم لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دەستپێدەکان، لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم، هاودەم لەگەڵ بزاڤی ژینگەپارێزی جیهانی، کولتووری ژینگەپارێزی بارزانییەکان دەچێتە قۆناغێکی تازەوە و چوارچێوەی سیستەمێکی هاوسەنگی سەردەمیانەوە( عارف،٢٠٢٣:٨٨).

هەر ئەوەیە، شێخ محەمەدی بارزان لە تەکیەی بارزاندا بناغەی بیروباوەڕی نونی دامەزراند کە بیروباوەڕە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی چاکسازیخوازی بارزانی پێ دەگوترا. بەکردەوە چاکسازی بە سەر کومەڵگای خوجێیی بارزاندا سەپاند و هەوڵیدەدا پەیامی ئەو چاکسازییە بگەیەنێتە ناوچەکانی دیکەش. دروستکردنی هێزی چەکدار بۆ پاراستنی خۆیان و بەرگریکردن لە خەڵک کە زوڵم و ستەمیان لێدەکرا و داوای یارمەتییان لە بارزانییەکان دەکرد، هەنگاوی بە کردەوە بۆ پاراستنی ژینگە و گیانداران، پاراستنی لایەنگران و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە، لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو ناوچەدا بووە باوەڕ و کردەوە. بە تایبەتی لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزان گۆڕانکارییەکان بە بریار دەکران، یەک لە دوای یەک، هەم هاووڵاتییان فێردەکران، هەم جێبەجێدەکرا و سیستەمیان بۆ دادەنرا. لە ناو سیستەمەکەدا پەروەردەکردن هەبوو تا نەک هەر

عارف و شێخەکان، بەڵکو هەموو پەیرەوان لە سەر ئە و بیروباوەرە پەروردەبکرێن و لێی حالی ببن و بیانپارێزن( قادر،٢٠٢٠:١٨٢).

پاراستنی ژینگە بنەمایەکی تری بزووتنەوەی بارزان بوو، کە وەکو ئاژەڵیشی دەگرتەوە. شێخ محەمەد برینی دار و درەختی قەدەغەکرد و وایکرد ڕێز لە ژینگە بگیرێت و تەنیا بە پێی پێویست درەخت ببڕدرێنەوە و ئاژەڵ و زیندەوەر لە ناو نەبردرێن. ئەو ئاژەڵ و پەلەوەر و حەشەراتانەی بەرهەمیان بۆ خواردنی مرۆڤ هەیە، پێویست بوو بە ئەسپایی و لەسەرخۆیی و بەبێ ئازاردان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. وەک دۆشینی مەڕ و مانگا یان دەرهێنانی هەنگوین لە شانە و کوورەی هەنگ. هەروەها پاراستنی ئەو خشۆک و مێش و مەگەزانەی لە دەوروبەری مرۆڤ دەژین بە هەمانشێوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا. بۆ نموونە، شێخ مەحەمەد کوشتنی ماری ڕەشی قەدەغە کرد. چونکە ئەو مارە لە ناوچەی بارزان ژەهراوی نییە. ئەو مارانەی ژەهراوین و ئەو ئاژەڵانەی دڕندەن وەک گورگ، کاتێک کە هەرەشە بێت، بە ئەندازەی پێویست دەکرێت بکوژرێن، بەڵام نابێت بە جۆرێک ڕاوبکرێن کە کۆتایی بە وەچەکانیان بێت. لە بڕینی دار و درەختیشدا ڕێنوێنی تایبەتی دەدا. بۆ نموونە، داری بەڕوو بەو ئەندازەیە دەبێت بە هەڵپاچین و چڵ و گەڵاکانی لێبکرێتەوە کە بۆ کشتوکاڵ و مەروماڵات و دروستکردنی خانووبەرە پێویستە. دواتر چیا و لێرەوار و شاخەکانی بارزان وایان لی هات، وەک باخ تەماشا دەکران(قادر،٢٠٢٠:٣٢٧).

بانگ نەریتێکی کۆنی کوردەوارییە بۆ هەڵگرتنەوە و چنینی بەروبوومی خۆڕسک، لە چوارچێوەی ڕێنماییە کۆمەڵاتییەکانی بارزانییەکاندا تاوەکو ئێستا بە گرنگترین ڕێوشوێنی پاراستنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت، ئەویش لە هەڵگرتنەوە و چنینی بەروبوومی خۆڕسک، وەک قەزوان و مازوو و کەنگر، هەروەها دروێنەی گیا و ڕەوەز(هەلز) و کاتی ڕاوکردنی ماسی و قەدەغەکردنی لە کاتی زاوزێ. ئەم بەروبوومانە بنەمای ئابووری سروشتی خەڵکی گوندنشینە. بۆیە دەکرێت بڵێن(بانگ)[1] لە زاراوەدا، واتا، (ئاگادارکردنەوە، هایکردن، تێگەیاندن) بگوترێت، بەڵام لای بارزانییەکان پابەندبوون بە ئامرازی دادپەروەری بۆ مافی مرۆڤ و مافی سروشتی بە شێوەیەکی هاوسەنگ تێدا پارێزراوە، ئەم ڕێنمایانە بۆ هەموو عەشیرەتەکانی دەڤەری بارزانە بەبێ جیاوازی (عارف،٢٠٢٤:١٨٩). لەبەرئەوەی بە بڕوای تاکی بارزانی، لادان

لەو کاتەی بۆ بانگ دانراوە، بەروبوومەکە بە حەڕام دادەنرێت، چونکە بە موڵکی گشتی حسابی بۆ دەکرێت.

دوای شەهید بوونی شێخ عبدالسلام، بیروباوەڕەکانی بارزان لە سەر دەستی مستەفا بارزانی گواسترایەوە ناو بزووتنەوەی سیاسی، کە پارتی دیموکراتی کوردستانی (بە شێوەیەکی تایبەت) لێ دروستبوو. مستەفا بارزانی لە ساڵی (١٩٧٩) کوچی دوایی کرد. ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی پێکەوە کاروباری بارزانییەکانیان لە ئاوارەیی و کوردستاندا سەرپەرشتی دەکرد. ئیدریس بارزانی بە شێوەی سەرەکی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ بووە. دوای شۆڕشی ئێران لە هەمان ساڵدا، بوار بۆ گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ ناو کوردستانی ڕۆژهەلات لەباربوو. لەو پرۆسەیەدا زۆربەی بارزانییە ئاوارەکانیش لە چەند شارێکی ئەو دەڤەرەدا گیرسانەوە. بەشەکەی ناو ولات لە چەند ئۆردووگایەکی زۆرەملێ لە پارێزگای هەولێر کۆکرابوونەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کاتێک گوورێکی تری هاتەوەبەر، بارزانییەکان وێرای تێکۆشەرانی تری کوردستان لە ریزی پێشەوەی تێکۆشاندا بوون. لەبەرئەو ڕۆڵە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ حکومەتی عێراق هەشت هەزار بارزانی لە ئۆردووگای زۆرەملێی قوشتەپە، بەحرکە، حریر، سۆران دەستگیرکرد و لە کردەوەیەکی کۆکوژیدا ئەنفالی کردن(قادر،٢٠٢٠:٣٦٩).

حکومەتی عێراقیش درێغی لە بۆمباباران کردن و سوتاندن و وێرانکردنی دەڤەری بارزان و لە ناوبردنی ژینگەکەی نەکردووە. تەنیا لە سەدەی بیستەمدا زیاتر لە (١٦) جار دەڤەری بارزان ویرانکراوە و سوتێنراوە. هەندێکجار لەگەڵ زەوی تەختکراوە ژیان بەگشتی بە مرۆڤ و ئاژەڵ و بە دار و درەختەوە سوتێنراوە. لە کاتی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی بارزان و ڕاگواستنی بارزانییەکان بە درێژاییی سەدەی ڕابردوو ژینگەش بێبەش نەبووە لەوێرانکردن و سوتاندن و لەناوچوون، جۆرەها توخمی زیندەوەر و ڕووەک لە ناوچوون و قرکراون، هەزاران دۆنم زەوی بەپیت و چینراو و ێرانکراوە.

لە ڕێکەوتی ١٩٩١/١٢/١٦بە بڕیار قەدەغەی ڕاوکردن درا لە ڕێگەی دامەزراندنی فەرمانگەی ژینگە پارێزی، لە دەڤەرەکەدا فەرمانگەیەک هەبوو، ئەرکی ژینگەپارێزی پێدرابوو، سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بووە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەندامانی زیادیکردووە. لە ساڵی (١٩٩٨) گواستراوەتەوە سەر میلاکی فەرماندەی لەشکری کوردستان (ف. ل. ک.) سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە. دابەش بوونە سەر چوار بنکەی لاوەکی و بنکەیەکی سەرەکی، کە دەکەوێتە ناوەندی قەزای میرگەسۆر. کە هەر بنکەیەک ٩٠ تا ١٠٠ پاسەوانی ژینگەپارێز لەخۆگرتووە، ئەرکی

سەرەکییان پاراستنی ژینگەبووە، بنکەکان دابەشی سەر شوێنی جیا بونە لە سنووری قەزاکەدا(محمود موسا،٢٠٢٠:٨٩).

لە ئەنجامی کولتووری بارزان گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەر بابەتی ژینگەپارێزی هات، ژینگەپارێزی کە لە ژینگە ناسینەوە دەستپێدەکات، بارزانییەکان بەپێی هەڵکەوتەی ژینگەو ژیان لە ناو سروشتدا، خاوەنی ژینگەناسییەکی زۆر قووڵ و بەهێز بوونە، لەو ڕووەوە بەپێی فەرمانەکانی شێخی تەریقەت، ڕەفتارێکی عادیلانە و هاوسەنگانەیان لەگەڵ ژینگەدا کردووە، بۆئەوەی ژینگە لە بەرژەوەندی ئەواندا بە بەرهەمداری بمێنێتەوە. ئەوانیش کۆمەڵێک ئیمتیاز و بەڵێنی باشیان بە ژینگە بە خشیبوون، بەردەوامیش لە سەر بەڵێنەکانیان مانەتەوە و پێکهاتنی نێوان خۆیان و سروشتیان وەکو (میساق)ی شەرەف بەرزیان نرخاندووە پێوەی پابەند بوون. ژینگەپارێزی لە بارزان بۆتە فەرهەنگ و کولتوور لای تاکەکان و لە ئەنجامدا ئەو باوەڕ و بڕوایە دروست بوو، کە پیویستە ڕێزی لێ بگیرێت، ئەم بڕوا و ڕێزگرتنە بووە هۆی سەرهەڵدان و لە دایکبوونی ئیرادەی پاراستنی ژینگە، ئەم ئیرادەیە بە هەوڵی و کۆششی بێوچانی شێخ و گەورە ڕابەرانی بارزان لە دایکبووە، (بارزان)ی کردۆتە پێشەنگی ژینگەپارێزی و پاراستنی سروشت لە ناوچەکەدا(کۆلەکی،٢٠٢٤:٧٥).

### چوارەم: پەیوەندی نێوان کولتووری ژینگەپارێزی و یاسا فەرمییەکان لە پاراستنی ژینگە:

هەرچەند ژینگەپارێزی و هزری پاراستنی ژینگە مێژوو و باکگراوندێکی دوور و درێژی نییە، تەنانەت ساڵی (١٩٧٢) بە شێوەیەکی فەرمی دۆزی (٥ی حوزەیران) دیاریکرا، وەک ڕۆژی پاراستنی ژینگە، کەچی پاراستنی ژینگە و هزری ژینگەپارێزی لە بارزان مێژوویەکی دووردرێژتری هەیە و نزیکەی سەدەیەک بەر لەو مێژووە هزری ژینگەپارێزی لە بارزان بوونی هەبووە (کۆلەکی،٢٠٢٤:٢١٩).

یاسا و ڕێساکان لە کولتووری بارزان پێش ئەوەی یاسای سزادانی بۆ سەرپێچیکاران ڕێکبخات، ڕێوشوێنی تێگەیاندنی خەڵکی یاخود پەروەردەکردنی لە سەر بنەمای خۆشەویستی کردە پەیامی ڕۆحی و کۆمەلایەتی لە تەکیەی بارزان، لە هەمانکاتدا هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەها و موتڵەقی پەروەردەکاربێت، بە هەمانشێوە لە ناو کۆمەڵگەی بازرگاندا سەرپێچیکارپیش هەن هەرچەندە کە بازرگان پرسی ژینگەپارێزی بە فەلسەفەیەکی عەقلانی و زانستی لە ئەخلاقی ژینگەییدا ئاراستەدەکرد بۆ هەر جۆرە ژینگەیەکی سروشتی سزایەکی گونجاوی ماددی و مەعنەوی ڕێکخستووە، بۆ نمونە، سزای کوشتنی بزنەکێوی سزایەکی توندە،

لە دوای ئەو بڕینی دار دێت، سزای واتەیی خۆی لە لۆمەی خەڵکی دەبینێتەوە،کە زۆر گرانترە لە سزای ماددی، یاسا کولتوورییەکان دەماودەم گێڕدراونەتەوە یاسایی نەنوسراون تاوەکو ئێستا لە بارزان کارییێدەکرێت( عارف، ٢٠٢٣:٢٤٢).

بەردەوامی و درێژەپێدانی ئەم ڕەوشتە بووە هۆی ڕەگ داکوتانی لە ناو کۆمەڵگادا، لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ بە چاوی بایەخ و دووربینییەکی فراوانەوە سەیری ژینگە بکات و بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتووش لەبەرچاوبگرێت و بەشێوەیەک هەڵسوکەوت بکات کە:

- ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداریێتی مرۆڤ بە سەر ژینگەدا بەبێ بەرپرسیارەتی.

-پێکەوەژیان و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە.

- ڕێگەگرتن لە بەهەدەردان و لەناوبردنی بێ سوودی ژینگە.

- هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە ژینگە.

- پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە.

- بە پیرۆز سەیرکردنی ژینگە وەک بەشێکی گرنگی دروستکراو دیارییەکی خوای گەورە بۆ مرۆڤ.

- خۆناسین وەک یەکێک لە مەرجەکانی بایەخدان و پاراستنی مەخلوقاتی خوای گەورە(کۆلەکی،٢٠٢٤:٢٣٠).

زۆربەی جاریش خەڵکی پابەند نابن بەو ژێرییەی کە پارێزگاری لە ژینگە دەکاتە پێویستی، بۆیە یاسا بەو ڕۆڵەی کەهەیەتی هەڵدەستێت، بۆ دانانی ڕێگریی بۆ ئەو کەسانەی خراپ ژینگە بەکاردەهێنن، لە ڕێگەی پیشەسازی و سوتاندنی پاشماوەکان و دووکەڵی ئوتومبێلەکان و فرێدانی پاشماوە لە سەر ڕێگاکاندا و پیسبوونی ئاو و خراپ مامەڵەکردن لەگەل ڕووەکەکان... هتد(مجموعة باحثين، ٢٠٠١ : ٥٨).

بەپێی یاسای ژمارە (٣ )ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عیراق ماددەی (٢) بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەک دادەمەزراوەی بە ناوی (دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق) کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێریی خۆی هەیە و لە بواری کارگێرییەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوە.

**بێنچەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

- پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی پەیوەندییەکی کاریگەر و کاریگەرتێکراوە، لە سەرەتای دروستبوونی ژیان کاریگەری ژینگە لە سەر مرۆڤ زیاتر بووە، بەڵام بەتێپەربوونی کات و فراوانبوونی چالاکییەکانی مرۆڤ کاریگەری مرۆڤ لە سەر ژینگەکەی زیاتر بووە، بە جۆرێک لە ئێستادا سیستەمە سروشتییەکەی تێکداوە و کاری نەرێنی کردۆتەسەر ژیانی زیندەوەران بەگشتی.
- گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەیە، ناوچەی بارزان خاوەنی کولتوورێکی ژینگەپارێزی بەهێز و کاریگەرە ،کە ڕەگی لە مێژوو و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و ئایینی ناوچەکە داکوتاوە. ئەم کولتوورەی، کە لە سەر دەستی ڕابەرانی مێژوویی بارزان (شێخەکان) بنیاتنراوە، وەک یاسایەکی نافەرمی (نەنوسراو) ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە و بووەتە بەشێک لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی دانیشتووانی ناوچەکە.
- کولتووری ژینگەیی بەشێکە لە کولتوور بە گشتی کە هەوڵی ئامادەکردنی تاکە بۆئەوەی هۆشیار بێت بە کێشەکانی ژینگەکەی و پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویەکانی تاک، بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگەکەی و چارەسەرکردنی کێشەکانی ژینگەکەشی لە کاتی ڕوودانی کێشەدا تابتوانێت بە سەرکەوتوویی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.
- دەرکەوت، سەرکەوتنی ژینگەپارێزی لە ناوچەی بارزان، تەنها بە هۆی یاسا فەرمییەکانەوە نییە، بەڵکو بە هۆی تەواوکاری و هاوئاهەنگی نێوان یاسا نافەرمییە کولتوورییەکان و دامەزراوە فەرمییەکانی وەک (پۆلیسی دارستان و ژینگە)وەیە. کولتوورەکە زەمینەیەکی لەباری بۆ جێبەجێکردنی یاسا فەرمییەکان ڕەخساندووە،

وایکردووە خەڵک پابەندبوونی بە یاساوە، وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی سەیریبکەن، نەک تەنها وەک فەرمانێکی حکومی

**پەراوێز:**

[1] بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت "بانگ" واتا، ئاگادارکردنەوەیەکی گشتییە لە لایەن ناوندی بڕیاری ناوچەکە بۆ دانیشتوانی سنورەکە فیدراسیۆنی بارزان، بۆ کۆکردنەوەی بەروبوومی خۆڕسک و ژینگەیی، لە کات و وەرز و شوێنی دیاریکراو بە ئامانجی پاراستنی دادپەروەری بۆ مافی مۆڤ و مافی سروشت، بە ڕەنگێکی سروشتی.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:


١- ابراهیم، حبیب مصطفی(٢٠٢١)، ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان، چاپخانەی جەنگەل، تاران، ئێران.

٢- ئیروانی، فریاد (٢٠١٣)، کورد و جینۆساید، جینۆسایدی بارزانییەکان، ، هەولێر.

٣- ئیروانی، فریاد (٢٠٠٣)، بارزان سیمای گەشاوە و پاراستنی سامانی خاک، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە (٤١٧)، هەولێر.

٤- بارزانی، مسعود (٢٠٠٤)، بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد-بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، وەرگێڕانی: سەعید ناکام،، چاپخانەی خەبات، دهۆک

٥- شێرۆکی، بەدر ئیسماعیل (٢٠١٨)، بارزان مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦- شیروانی، هاشم (٢٠٠٨)، دەڤەرا بارزان( جگرافیا – دیرۆک -کەلتور)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

٧- شێروانی، مامخان(١٩٩٥)، بارزان و ڕەچەلەکی بارزانیان، چاپی دووەم، هەولێر.

٨- کۆلەکی، رشید ملاعلی (٢٠٢٤)، شێخ ئەحمەد بارزانی لە ئاوێنەی ئایین و عیرفاندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٩- گەوهەری، حامید (٢٠١٤)، ئیدریس مصطفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

١٠- عبدللا، ڕێبوار ڕەمەزان (٢٠٠٩)، ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان، ، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١١- عبدوللا، ڕێبوار ڕەمەزان (٢٠١٠)، باڤرۆڤی لەناوبردنی بارزانیەکان، ، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٢- عارف، فاخر علی (٢٠٢٤)، جۆبار:کۆمەک ڤەکولینێن زانستی ژ ڤەرێژا کولتور و تورەیێ کوردی ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٣- عارف، فاخر علی (٢٠٢٣)، بارزان و کولتوورسازیا ژینواری، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران.

١٤- غولامی، عەبدلمونعیم(٢٠٠٤)، سێ قوربانیەکە، وەرگێرانی؛ ئیحسان ئیروانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٥- قادر، سەرۆ (٢٠٢٠)، بارزان و مێژووی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، چاپ و بلاوکراوەی موکریانی، هەولێر.

١٦- محمود موسا، محمد میرزاغا(٢٠٢٠)دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سروشتی قەزای مێرگەسۆر -بارزان، چاپخانەی تونا، هەولێر.

١٧- ملاسوار، غفور احمد و بلەیی، حازم محمد (٢٠٢٠) مێژویا کارگێڕی ل دەڤەرا ل.بارزان(قەزا مێرگەسۆر)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٨- مەلا ایوب (٢٠٠٧)، پێداچونەوەک بە مێژووی بارزان، بلاوکراوەی سپیرێز، دهۆک.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- الحمد، رشید و صبارینی، محمد سعید (١٩٧٩)، البیئە ومشکلاتها، سلسلة عالم المعرفة، العدد(٢٢)، المجلس الوطنی للثقافة والفنون والعلوم، الکویت.

٢- برعی، مرفت حسن (٢٠٠٦)، برنامج مقترنح لتنمية الوعی البیئی لدی الاطفال بتوظیف بعض الانشطة الفنية و الموسیقیة، المؤتمر العلمی الاول لکلیة التربية النوعية، جامعة المنصورة، مصر.

٣- صالح، جمالالدین السید علی(٢٠٠٣)، الاعلام البیئی بین النظرية ووالتطبیق، مرکزالاسکندرية للابحاث، مصر.

٤- عبدالطيف،رشاد احمد(٢٠٠٧)، البيئة و الانسانمن من منظور اجتماعى، دار الوفاء، الاسكندري.

٥- مجموعة باحثين (٢٠٠١)، العوامل والاثار الاجتماعية لتلوث البيئة، بيت الحكمة، بغداد.

٦- موسى(٢٠٠٧)، الخدمة الاجتماعية وحماية البيئة، المكتبة العصرية، القاهرة-مصر.

٧- مەلا ايوب (٢٠٢٤)، بارزان نظرة فى الاصول والمعتقد، ، چاپخانەی شوان، بلاوكراوه سۆران.

**ملخص البحث**

**في عصر الحداثة ومع ظهور الثورة الصناعية ومجيء مئات الآلات والسيارات المختلفة، تسارع استغلال الموارد الطبيعية، وضاقت فرص إعادة بناء البيئة ومراجعتها، واختل التوازن البيئي. ولهذا السبب، أصبحت البيئة تتلوث بسرعة. في السنوات الأخيرة، أصبحت قضية البيئة قضية عالمية تجاوزت كل الحدود. وبالإضافة إلى الطبيعة نفسها، يُعد الإنسان أيضاً مصدراً رئيسياً في تلويث البيئة وتدميرها. وهذا هو الدافع وراء إجراء هذا البحث.**

**إن نشر ثقافة حماية البيئة في المجتمع له تأثير مباشر على الأفراد، بحيث يشعرون بمزيد من الاستقرار في بيئة هادئة وتتقوى الروابط بينهم، مما يؤثر إيجاباً على المكونات البيئية. تكمن أهمية هذا البحث في أنه يسعى إلى التعريف بدور حماية البيئة من خلال التثقيف البيئي كضرورة للعصر الحالي، وهو عصر انفتاح المجتمعات على العالم، وحاجة المجتمع إلى هذا النوع من الوساطة.**

**يهدف بحثنا إلى تحديد دور الثقافة البيئية في حماية البيئة في منطقة بارزان، ومعرفة مستوى الوعي الثقافي البيئي في توجيه وتكييف أفراد المجتمع مع بيئتهم، وكذلك معرفة المشكلات البيئية التي تؤثر فيها هذه الثقافة. إذاً، تتمثل مشكلة بحثنا في إيجاد إجابة للسؤال التالي: كيف استطاعت الثقافة البيئية أن تضمن استمرارية حماية عناصر البيئة في تلك المنطقة؟ وما هي أهمية حماية البيئة؟ وما هو دور حماية البيئة في الثقافة الوقائية؟ وإلى أي مدى نجحت قوانين حماية البيئة في مهامها؟ لاختيار وتحديد عينة البحث، تم أخذ سكان منطقة بارزان كعينة قصدية. وقد استفادت هذه الدراسة من المنهج الوصفي والتحليلي بالاعتماد على المسح الاجتماعي لبيان دور الثقافة. واعتمد هذا البحث على عدة متغيرات لتوضيح مفهوم البيئة والمخاطر التي تواجهها والواجبات والمسؤوليات في حمايتها.**

**الكلمات المفتاحية :البيئة، الثقافة، ثقافة حماية البيئة، الوعي البيئي.**